# هەڵسەنگاندنی توانستی دابەشبونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری پیرەمەگروندا

**شوان سعدی محمد[1]، کامران طاهر سعید[2]**

[1,2]بەشی جوگرافیا، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان، یەکێکن لە گرنگترین خزمەتگوزارییەکان بۆ دانیشتوان، کە بۆ مانەوە و گەشەکردنی مرۆڤ و درێژەدان بە ژیانێکی شایستە لە کۆمەڵگە پێویستن. لەگەڵ تێپەڕبونی کات و پێشکەوتنی شارستانیەت، پێداویستییەکانی مرۆڤ بۆ فێربون و زانست ڕو لەزیادبوندایە. گرنگیی ئەم خزمەتگوزارییە لەوەدایە، جگە لە فێربون، پەروەردەش ئامانجی سەرەکییەتی لە ڕێگەی ئەم خزمەتگوزارییە منداڵان و خوێندکاران فێردەبن و لە قۆناغی باخچەی منداڵان تا قۆناغی پێش زانکۆ و پەیمانگاکان، وادەکات توانای بیرکردنەوە و شێوازی ڕەفتاری خوێندکاران بگۆڕێت. بۆیە پشتبەست بە سەردانی مەیدانی و داتا و زانیاریی تایبەت بە ناوەندە فێرکارییەکان لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی دوکان و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، گەیشتینە ئەوەی کە شاری پیرەمەگرون، ئێستا، ژمارەی خوێندکارانی باخچەی منداڵانی دەگاتە (٦٥٠) خوێندکار و(٣٨) مامۆستا و (٢) باخچەی منداڵان، خوێندنگا بنەڕەتییەکان ژمارەیان(٩) ناوەند و (٥٣٥٣) خوێندکار و (٣٢٧) مامۆستایە، خوێندنگا ناوەندییەکان (٤) ناوەند و (٢٤٧٥) خوێندکار و (١١٠) مامۆستایە، خوێندنگای ئامادەیی لە (٣) ناوەند و (١٣٠٧) خوێندکار و (٩٧) مامۆستا پێکدێت، واتە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن دەگاتە (١٨) ناوەندی فێرکاری، ناوندەکانی خوێندنی باڵا لە (زانکۆ و پەیمانگا) لە شارەکەدا نییە. ناوەندە فێرکارییەکان کاریگەرییان لەسەر لایەنی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەک هەیە، گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە پێشتر لە ناوچەکە توێژینەوە لەم بوارەدا نەکراوە. ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە دیاریکردنی توانای ناوەندە فێرکاریەکان و دەرخستنی کەموکوڕییەکان و هەڵسەنگاندنی ئەم ناوەندانەیە لە ناوچەی توێژینەوە، لە ڕێگەی دەستخستنی داتا ژمارەییەکان و شیکردنەوەیان. گرفتی توێژینەوەکە ئەوەیە کە ژمارەی دانیشتوان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بەرزبونەوەدایە، لەبەرانبەر ژمارەی ناوەندە فێرکاریەکان وەک خۆیەتی؛ بەجۆرێک لە ساڵی ٢٠٠٩ز ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکە ٢٣٠٠٦ کەس بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٣ ژمارەکە بۆ ٣٤٥٥٠ کەس.

**وشە سەرەکییەکان:** خزمەتگوزاریی فێرکاری، ناوەندەکانی خوێندن، پێوەرە فێرکارییەکان، خوێندکار، پیرەمەگرون.

## ١. پێشەکی:

خزمەتگوزاریی فێرکاری بە یەکێک لە خزمەتگوزارییە گرنگەکانی شار دادەنرێت، کە بنچینەی پێشکەوتن و بەرەوپێشچونی هەر کۆمەڵگەیەکە. هەر بۆیە لەگەڵ پێشکەوتن و بەرەوپێشچونی شارستانیەت پێداویستیی هاووڵاتیان بە فێربون وخوێندن و گەڕان بە دوای زانست و زانیاریدا ڕوی لە زیادبون کردووە. زانست و زانیاری و فێربونی خوێندەواری، مافێکی یەکسانی سەرجەم دانیشتوانە بەبێ جیاوازی. تایبەتمەندی و گرنگیی خزمەتگوزاریی فێرکاری تەنها لە نوسین و خوێندن کورت نەبۆتەوە؛ بەڵکو هۆکارێکە بۆ زیادبونی کارامەیی دانیشتوان و تێکەڵبون و شارەزابون بە کولتوری وڵاتانی تر و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنان و توانای چارەسەرکردنی کێشەکان و ئامادەکردنی تاکەکان بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئاستەنگەکان لە جیهانی مۆدێرندا.

خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان بۆ دابینکردنی پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی خوێندکاران داڕێژراون، هەر یەک لە دامەزراوە فەرمییەکانی وەک باخچەی منداڵان، خوێندنگا، پەیمانگا و زانکۆکان دەگرێتەوە، کە پەروەردەی تایبەت و پەرەپێدانی پیشەیی لەخۆدەگرێت و ئامرازێکن بۆ پەروەردەکردنی ڕێبازێکی گشتگیر بۆ گەشەکردن و گەشەپێدانی کەسی و ناسینی خاڵە بەهێزەکان و خاڵە لاوازەکان و پێداویستیی هەر تاکێک لە پرۆسەی فێرکردندا، بۆ ئەوەی ئەم ناوەندانە لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگاکان خۆیان بگونجێنن بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانی هاووڵاتیان لەپێناو خۆگونجاندن و داهێنان و باشترکردنی بەردەوام، جگە لەوەی زەمینەیەکی لەبار بۆ داهاتویەکی گەشاوەتر دەرەخسێنێت.

**١-١ هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:** دەگەڕێتەوە بۆ زیادبونی ژمارەی دانیشتوان و فراوانبونی ناحیەی پیرەمەگرون و پێویستیی زیاتر بە خزمەتگوزاریی فێرکاری.

**٢-١ ئامانجی توێژینەوەکە:** بریتیە لە هەڵسەنگاندنی ناوەندەکانی فێرکاری لە ناحیەی پیرەمەگرون، لەپێناو دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکان لە ناوەندەکانی خوێندن، تا

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ٢ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٦ نیسان ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٢٨ ئایار ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١ شوبات ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: shwan.sahdey@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ شوان سعدی محمد، کامران طاهر سعید، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp35-49

زانیاریی دروست بدرێتە لایەنی پەیوەندیدار بە مەبەستی دانانی ڕێگەچارەیەک بۆ بەرەوپێشچونی کەرتی فێرکاری لە ناوچەکە.

**١-٣ گرنگیی توێژینەوەکە:** خزمەتگوزاریی فێرکاری جگە لەوەی پێداویستییەکی بنەڕەتی دانیشتوانی شارەکانە، لە هەمان کاتدا ئامرازێکە بۆ پێڕەوکردنی ڕێبازێکی گشتگیر بۆ گەشەکردن و گەشەپێدانی کەسی و زیادبونی کارامەیی تاک و بەرزکردنەوەی توانای ڕەخنەگرانە.

**١-٤ گرفتی توێژینەوەکە:** لەوەدایە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی دانیشتوان لە ناحیەی پیرەمەگرون لەزیادبوندایە بە هۆی لەدایکبون، لە لایەکی تریش زیادبوونی کۆچکردن لە گوندەکانی دەوروبەری شارەکەوە بۆ ناو شارەکە لەزیادبوندایە، بەتایبەتی دوای کەمبونەوەی گرنگیی کشتوکاڵ لە بەرانبەریشدا ژمارەی ناوەندە فێرکارییەکان وەک خۆیەتی و لە ئاستی پێوەری عێراقیدا نییە؛ ناڕێکی لە دابەشبونی ناوەندە فێرکاریەکاندا هەیە.

**١-٥ گریمانەی  توێژینەوەکە:**

١-ناوەندە فێرکارییەکان لە ڕوی ژمارە و توانای خزمەتکردنیان،  بە بەراورد لەگەڵ زیادبونی ژمارەی دانیشتواندا، گونجاو نین.

٢-نایەکسانی لە دابەشبونی ناوەندە فێرکارییەکان بەسەر گەڕەکەکانی ناحیەی پیرەمەگرون و هاوتانەبونی بە پێوەری عێراقی.

**١-٦ میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا پشت بەچەند میتۆدێک بەستراوە کە زانستی جوگرافی لە توێژینەوەکان بەکاریاندەهێنێن، ئەوانیش بەکارهێنانی میتۆدی مێژویی لە باسکردنی ناوەندە فێرکارییەکان و ژمارەی دانیشتوان لە ماوەیەکی دیاریکراودا، هەروەها بەکارهێنانی میتۆدی پەسنی (وەسفی) لە دیاریکردنی ناوەندەکانی فێرکاری و دابەشبونیان لە ڕێگەی نەخشە و خشتە و شێوەکانەوە، بەکارهێنانی میتۆدی شیکاری چەندێتی لە ڕێگای شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان لە ناوچەکە پشتبەست بە بەرنامەی (arc gis 10.8.3)

**١-٧ ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە:** نەبونی داتای پێویست و نەبونی توێژینەوەی تر لەسەر ناوچەکە و کەمیی داتاو زانیاری لە فەرمانگەکانی شارەوانی، بە یەکێک لە ئاستەنگەکان دادەنرێت، بەتایبەتی لەسەر ڕوبەری خوێندنگاکان.

**١-٨ پلانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکەمان بەم شێوەیە دابەشکردووە: لە سەرەتادا باس لە ناساندنی ناوچەی توێژینەوە کراوە  لە ڕوی مرۆییەوە، پاشان دابەشبونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەناوچەی توێژینەوەدا خراوەتەڕو، لە کۆتاییدا هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە ناحیەی پیرەمەگرون، بەپێی پێوەرە عێراقیەکان و پشتێنەی کاریگەر کراوە.

**١-٩ سنوری توێژینەوەکە(شوێنی و کاتی):** شوێن و پێگە، بایەخێکی زۆریان لە توێژینەوە جوگرافیەکاندا هەیە. جوگرافیناسان هەوڵیانداوە جیاوازی لە نێوان هەریەکە لە شوێنی جوگرافیی شار(location)و پێگە (site) دا بکەن. مەبەست لە پێگە ئەو پارچە زەوییەیە، شاری لەسەر دادەمەزرێت و لەو زەوییەوە فراوان دەبێت، کە بەرزونزمی و پێکهاتەی جیۆلۆجی و چەندین خەسڵەتی تر دەگرێتەوە. گرنگیی پێگە لەوەدایە کە کاریگەریی لەسەر بناغەی دروستبونی شار و تۆڕەکانی هاتوچۆی شار و هەیکەلی بنەڕەتی شاردا هەیە، بەڵام هەرچی شوێنی جوگرافییە دیاریکردنی شارە بەپێی ناوچەکانی دەوروبەری یان هەرێمەکانی دەوروبەری، ئەمیش گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە و کاریگەریی لەسەر دیاریکردنی شوێنی بازرگانی و سەنتەری خزمەتگوزارییەکان و بەتایبەتیش لەسەر فراوانبونی شارەکان هەیە. (حسێن، ١٩٩٧: ٣٧-٣٨)

ناوی پیرەمەگرون بۆ چیای پیرەمەگرون دەگەڕێتەوە؛ ئەم ناحیەیە لە دامێنی ئەم چیایە دروست کراوە. شوێنی ئەسترۆنۆمیی ناحیەی پیرەمەگرون دەکەوێتە نێوان هێڵی درێژیی **(=٤٨,-٠٧, °٤٥ و =٤٣ , -٠٩, °٤٥ )** ی ڕۆژهەڵات و بازنەی پانیی **(=٤٥,- ٤٢, °٣٥و =٣٣ , -٤٢, °٣٥ )** ی باکور، نەخشەی (١).

ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕوی کارگێڕییەوە بریتیە لە سەنتەری ناحیەی پیرەمەگرون، یەکێکە لە ناحیەکانی قەزای دوکان و دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای قەزاکە. قەزای دوکان لە (٦) ناحیە پێکدێت، ئەوانیش: (سەنتەری قەزا(دوکان)، بنگرد، خەلەکان، پیرەمەگرون، سورداش، خدران)ن. قەزاکە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای شاری سلێمانی، ڕوبەری سەرجەم قەزاکە دەگاتە (١٧٨٢.٧کم٢)،(جلال، ٢٠١٥: ل١٥)، (نەخشەی ١ ). ڕوبەری ناحیەی پیرەمەگرون دەگاتە(٥.١کم٢)، بەمەش بە دووەم ناحییە دادەنرێت لە ڕوی ڕوبەر و ژمارەی دانیشتوانەوە. ژمارەی گوندەکانی ئەم ناحیەیە دەگاتە (٤٥) گوند، کە دەگاتە لە ٢٧.٦٪ ی کۆی گوندەکانی قەزاکە. ناحیەی پیرەمەگرون بە تازەترین ناحیە دادەنرێت کە ساڵی (١٩٨٨ز)، دوای پرۆسەی ئەنفال، وەک کۆمەڵگایەکی زۆرەملێ دامەزراوە، زۆرینەی گوندەکانی دۆڵی جافایەتی و سورداش و شاری دوکان ڕاپێچی ئەم ناحیەیە کران. لەم کاتەدا ئامانج لە دروستکردنی ئەم کۆمەڵگا زۆرەملییە بریتی بوو لە کۆنترۆڵکردنی گوندەکان. هەر لە هەمان ساڵ ناوەندی قەزای دوکان گواسترایەوە بۆ پیرەمەگرون تا ساڵی (١٩٩٦ز)، دواتر گەڕێنرایەوە بۆ ناحیەی دوکان، تا ساڵی (٢٠٠٥ز) بەپێی فەرمانی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، پیرەمەگرون کرا بە ناحیە. (احمد، ٢٠١٥: ل٥)

## ٢. ناساندنی ناوچەی توێژینەوە لە ڕوی مرۆییەوە:

لایەنی مرۆیی بە تایبەتی دانیشتوان و قەبارە و گەشەی دانیشتوان لە ناحیەی پیرەمەگرون بە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکان دادەنرێت، کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی گشتی و خزمەتگوزاریی فێرکاری بەتایبەتی هەیە، لەبەرئەوەی خزمەتگوزاریی فێرکاری بۆ خزمەتی دانیشتوان دامەزراون، بۆیە لێرەدا تەنها باس لە گرنگترین هۆکارە مرۆییەکان دەکەین کە هەریەک لە قەبارە و گەشەی دانیشتوان و دابەشبونیان دەکەین:

نەخشەی (١) شوێنی جوگرافیی ناحیەی پیرەمەگرون بەپێی عێراق و هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی و قەزای دوکان




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە (arcmap GIS 10.8.3)

**٢-١ قەبارە و گەشەی دانیشتوان:**

بە یەکێک لە گرنگترین هۆکارە مرۆییەکان دادەنرێت کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر ژمارە و جۆری خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان هەیە، وەک ئاماژەمان پێدا ناحیەی پیرەمەگرون لەساڵی (١٩٨٨)ز وەک کۆمەڵگەیەکی زۆرە ملێ دامەزراوە و ساڵی (٢٠٠٥)ز کرا بەناحیەیەکی سەربەخۆ سەر بە قەزای دوکان، لەبەرئەوە لەو سەرژمێریانەی لە عێراق و هەرێمی کوردستان کراوە و لە توێژینەوە زانستیەکان پشتیان پێدەبەستریت، لە شارەکە سەرژمێری نەکراوە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا پشت بە گەمارۆسازیی (٢٠٠٩)ز دەبەستین، کە ناحیەی پیرەمەگرون وەک ناوچەکانی تر لەم سەرژمێرییە قەبارەی دانیشتوانی دیاریکرا و ساڵەکانی داهاتوش لەسەر بنچینەی ژمارە دانان و پێشبینیی هەمان ساڵ وەک ساڵی بنەڕەت دەستنیشان دەکەین، بەپێی گەمارۆسازیی ساڵی (٢٠٠٩)ز، ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی پیرەمەگرون(٢٣٠٠٦)کەس بووە، لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی قەزای دوکان لە هەمان ساڵدا (٣٧١٨٨) کەس بووە، (٦١.٨٪)ی دانیشتوانی قەزای دوکانی پێکهیناوە. خشتەی(١)، شێوەی (١).

خشتەی(١)

ژمارە و گەشەی دانیشتوانی ناحیەی پیرەمەگرون و قەزای دوکان بۆ ساڵی(٢٠٠٩-٢٠٢٣)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی پیرەمەگرون | ژمارەی دانیشتوانی قەزای دوکان | گەشەی دانیشتوانی ناحیە پیرەمەگرون | ٪دانشتوای ناوچەی توێژینەوە به پێی قەزای دوکان |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ٢٣٠٠٦ | ٣٧١٨٨ | ---- | ٦١.٨ |
| ٢٠١٢ | ٢٥١٣٩ | ٤٠٦٣٦ | ٣ | ٦١.٨ |
| ٢٠١٥ | ٢٧٤٧٠ | ٤٤٤٠٤ | ٣ | ٦١.٨ |
| ٢٠١٨ | ٣٠٠١٨ | ٤٨٥٢٢ | ٣.٤ | ٦١.٩ |
| ٢٠٢١ | ٣٢٨٤١ | ٥١٤٢٩ | ٢.٥ | ٦٣.٨ |
| ٢٠٢٣ | ٣٤٥٥٠ | ٦٢٧٢٢ | ٢.٥ | ٥٥ |

سەرچاوە:کاری توێژەر پشتبەست بە

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی ساڵی ٢٠٠٩ و پێشبینیکردنی بۆ ساڵی ٢٠٢٣ز

لەساڵی (٢٠١٢) ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکە بۆ (٢٥١٣٩)و ژمارەی دانیشتوانی قەزای دوکان بۆ (٤٠٦٣٦) بەرزبۆتەوە، کە دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە دەگاتە (٦١.٨٪)ی دانیشتوانی قەزاکە، پێشبینیەکە بۆ ساڵانی(٢٠١٥-٢٠١٨) نزیکە لەساڵەکانی پێش خۆی، بەڵام ساڵی (٢٠٢١) ڕێژەی دانیشتوانی ناحیەی پیرەمەگرون بەرانبەر تێکرای دانیشتوانی قەزاکە بۆ (٦٣.٨٪)بەرزبۆتەوە. لە ساڵی (٢٠٢٣) پێچەوانە بۆتەوە؛ زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە کەمترە بە بەراورد لەگەڵ قەزاکە، کە ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی پیرەمەگرون دەگاتە(٣٤٥٥٠) کەس، قەزای دوکان دەگاتە(٦٢٧٢٢)کەس، واتە ڕێژەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە کەمی کردووە بۆ (٥٥٪)، هۆکاری ئەمەش بۆ خراپیی باروودۆخی ئابوری وگوزەرانی خەڵکی دەگەڕێتەوە؛ کە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان پێشوتر کۆچیان کردبو لە گوندەکانەوە بۆ ناحیەی پیرەمەگرون، کۆچی پێچەوانە دروست بووە، بەشێکی زۆری دانیشتوان بۆ گوندەکان گەڕاونەتەوە. لەلایەکی تریش بێکاری لە شارەکە وایکردووە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان بەرەو سەنتەری شاری سلێمانی کۆچ بکەن، بەشێکی تریشیان بەرەو سەنتەری قەزای دوکان.

گەشەی دانیشتوان بەیەکێک لە گرنگترین هۆکارە مرۆییەکان دادەنرێت، کە کاریگەریی لەسەر ژمارەی ناوەندە فێرکارییەکان هەیە، بۆیە توێژینەوە لە گەشەی دانیشتوان گرنگی و تایبەتمەندیی زۆری هەیە؛ ئەویش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی لە سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی شارەکاندا دەیکات، لە هەمان کاتیشدا گۆڕانکاری لە ژمارەی دانیشتوان لەکاتێکی دیاریکراو جا زیادکردن بێت یان کەمکردنی ژمارەی دانیشتوان، پێی دەوترێت گەشەی دانیشتوان (الزیادی و عبدالرزاق، ٢٠١٤: ص ٢٥١-٢٥٤). گەشەی دانیشتوان یەکێکە لەبابەتە گرنگەکان لەبواری توێژینەوەکانی تایبەت بە دانیشتوان، ئەمیش زۆربەی کات زیادبونی ژمارەی دانیشتوان دەگرێتەوە، هەبونی زانیاریش سەبارەت بە گەشەی دانیشتوان، وادەکات بتوانین پێشبینی ژمارەی دانیشتوان لەداهاتودا بکەین. (امین، ٢٠١٣،ل٢١١)




شێوەی(١) ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی پیرەمەگرون و قەزای دوکان بۆ ساڵی(٢٠٠٩-٢٠٢٣)

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە خشتەی (١)

گەشەی دانیشتوانی ناحیەی پیرەمەگرون لە نێوانی ساڵانی ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٥ جێگیریی پێوە دیارە؛ لە هەر سێ ساڵەکە گەشەی دانیشتوانی بریتی بووە لە (٣٪)، بەڵام ساڵی (٢٠١٨) گەشەی دانیشتوانی بۆ (٣.٤٪) بەرزبۆتەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ زیادبونی کۆچی گوندنشینەکان بەرەو ناوەندی ناحیەی پیرەمەگرون دەگەڕێتەوە، بەڵام لە ساڵانی (٢٠٢١)و(٢٠٢٣)، گەشەی دانیشتوان لە هەردو ساڵەکەدا بۆ (٢.٥٪)نزمدەبێتەوە. دوبارە کۆچکردنی پێچەوانە هۆکارێکی گرنگە لە شارەوە بۆ گوندەکانی دەوروبەری شار و لەهەمان کاتیش خراپیی گوزەرانی خەڵکی هۆکارێک بون

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp35-49

بۆ ئەوەی لەدایکبون لەم ساڵانەی دواتر کەم ببێتەوە و لەهەمان کاتیش جیابونەوە ڕو لە زیادبون بکات. خشتەی (٣).

## ٢-٢ دابەشبونی دانیشتوان بەسەر گەڕەکەکانی ناحیەی پیرەمەگرون:

دابەشبونی دانیشتوان بەیەکێکی تر لە هۆکارەکان دادەنرێت کە کاریگەریی گەورەی لەسەر دابەشبونی خزمەتگوزارییەکان هەیە بەشێوەیەکی گشتی، لەبەرئەوەی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان خۆی لەخۆیدا بۆ خزمەتی دانیشتوانە، بۆیە دابەشبونی دانیشتوان و خزمەتگوزارییەکان یەک ئاراستەی هاوتەریبیان هەیە. (عبدالفتاح،حسین، ٢٠٢١:ص١٧)

خشتەی (٢)

ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی پیرەمەگرون بەپێی گەڕەکەکان لەساڵی ٢٠٢٣ز

| گەڕەک | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|
| **شەهیدان** | ٧٥٠٠ |
| **پێشەوا** | ٨٤٠٠ |
| **شارەوانی** | ٧٢٥٠ |
| **ئاسۆس** | ٤٣٠٠ |
| **تۆکە** | ١٥٠٠ |
| **سارا** | ٥٦٠٠ |
| **کۆی گشتی** | ٣٤٥٥٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە:

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠٢٣، بڵاونەکراوە.

لە ناوچەی توێژینەوە دابەشبونی خزمەتگوزاریی فێرکاری، وەک هەریەک لە خزمەتگوزارییەکان تر، نایەکسانی پێوە دیارە، ئەوەش بۆ نایەکسانی لە دابەشبونی ژمارەی دانیشتوان دەگەڕێتەوە، بۆیە لە هەندێک گەڕەک زیاد لە یەک ناوەندی فێرکاری هەیە، لە گەڕەکێکی تر یەک دانە هەیە، ژمارەی گەڕەکەکانی ناحیەی پیرەمەگرون (٦) گەڕەکە کە هەریەک لە گەڕەکەکانی (شەهیدان، پێشەوا، شارەوانی، ئاسۆس، تۆکە و سارا)یە، خشتەی (٢).

گەڕەکی (پێشەوا)، زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی تێدا تۆمار کراوە کە دەگاتە (٨٤٠٠)کەس، ئەمە لە کاتێکدایە کەمترین ژمارەی دانیشتوان لە گەڕەکی (تۆکە)یە کە ژمارەی دانیشتوانی (١٥٠٠)کەسە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە سەرەتای دروستبونی شارەکە گەڕەکی پێشەوا، دانیشتوانی تێدا جێگیر بووە بە هۆی دروستکردنی خزمەتگوزارییەکان و نزیکی لە ڕێگای سەرەکیی (دوکان-سلێمانی)، بەڵام گەڕەکی تۆکە تا ئێستاش بەشێکی زۆری کۆڵانەکانی نەکراون بە خانو، بەهۆی نەبونی هیچ خزمەتگوزارییەک لەم گەڕەکە و دوریی لە ڕێگای سەرەکی. گەڕەکەکانی ناحیەی پیرەمەگرون بەشێوەیەکی ڕێک و پلاندارێژراو دروستکراون ئەمیش بۆ تازەیی دروستبونی دەگەڕێتەوە، لە لایەکی تریش ناوچەیەکی دەشتاییە، توانراوە گەڕەکەکان ڕێک دابڕێژرێن. نەخشەی (٢).

## ٣.دابەشبونی خزمەتگوزاریی فێرکاری و شێوازەکانی لەناحیەی پیرەمەگرون

دابەشبونی شوێنی بە بەڵگەیەکی دیار و خاڵی سەرەتا و پێویست بۆ لێکۆڵینەوە جوگرافییەکان دادەنرێت و هەنگاوێکی پێویستە بۆ تێگەیشتن لە شێوازی دابەشبونی هەر دیاردەیەک و ژمارە و شوێنی دیاردەکە. ئەوەی تایبەتە بە دابەشبونی خزمەتگوزاریی فێرکاری، کۆمەڵێک هۆکار لە دابەشبون و جیاوازیی شوێنی بەرپرسیارن لەوانەش هەریەک لە ژمارە و قەبارەی دانیشتوان و گەشەی دانیشتوان و هۆکاری کارگێڕی و ئابوری و پلاندانان (أبو جاد الله، ٢٠٢١:ص١٠١٥). سەبارەت بە خزمەتگوزاریی فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە لە دو تەوەردا باسی هەر یەک لە دابەشبون وشێوازی دابەشبونی بەکارهێنانی (دوجای کای و نزیکترین دراوسێ)ی خزمەتگوزاریی فێرکاری دەکەین:

### ٣-١ دابەشبونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە ناحیەی پیرەمەگرون:

خزمەتگوزاریی فێرکاری ئەو ناوەندانە دەگرێتەوە کە لە شار و نشینگەکان هەن لە کۆمەڵێک دامەزراوەی وەک (باخچەی منداڵان، خوێندنگا، زانکۆ، پەیمانگاکان و ناوەندەکانی تری خوێندن) پێکدێن. ئامانجی ئەم ناوەندانە فێرکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و لێهاتویی دانیشتوانە، ئەم ناوەندانە بە گرنگترین جۆری خزمەتگوزاری دادەنرێن بۆ دانیشتوان. (محدی، ٢٠٢٢: ص٨)

خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان بەشێوەیەکی نایەکسان بەسەر گەڕەکەکانی ناحیەی پیرەمەگرون دابەش بون، کە هەر یەک لە ناوەندەکانی (باخچەی منداڵان و خوێندنگاکان بەگشتی دەگرێتەوە)، بەم شێوەیە باسیان دەکەین:

**دابەشبونی باخچەی منداڵان:**

بە یەکێک لە گرنگترین قۆناغەکانی خوێندن دادەنرێت. منداڵ لەم قۆناغە لەوپەڕی چالاکیدایە کە لە تەمەنی نێوان (٤-٥) ساڵدایە. ئەم قۆناغە وەک قۆناغی بنەڕەت دادەنرێت کە بنچینەیە بۆ قۆناغەکانی تری خوێندن((العبدی و جاسم، ٢٠٢٢: ص١٥). ساڵی(٢٠٢٣)، باخچەکانی منداڵان لە ناوچەی توێژینەوە، بەسەر دو گەڕەکدا دابەشبوون، کە دو باخچەن، ئەوانیش باخچەی (سانا)، دەکەوێتە گەڕەکی ئاسۆس و باخچەی (ناز)، دەکەوێتە گەڕەکی شارەوانی. خشتەی (٣)، نەخشەی(٣).

نەخشەی (٢)

نەخشەی دابەشبونی دانیشتوانی ناحیەی پیرەمەگرون بەپێی گەڕەکەکان




سەرچاوە:کاری توێژەر پشتبەست بە:

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠٢٣، بڵاونەکراوە.

٢- (arc map GIS 10.8.3)

لەکۆی (٦)گەڕەک لەناحیەی پیرەمەگرون تەنها (٢) باخچەی ساوایان هەیە، دەکەونە گەڕەکی (شارەوانی و سارا)، ئەوانیش هەریەک لە باخچەی (ناز) بەپلەی یەکەم دێت لە ڕوی ژمارەی خوێندکار و مامۆستا و پۆل و ڕوبەرەوە، ژمارەی

خوێندکارەکانی(٤٠٠) خوێندکار و (٢٠) مامۆستا و (١٢) پۆلە، ڕوبەرەکەشی (٤٠٠٠) م٢.

خشتەی(٣)

دابەشبونی باخچەی منداڵان لەناحیەی پیرەمەگرون بۆساڵی ٢٠٢٣

| باخچەی منداڵان | گەڕەک | ژ.منداڵ | ژ.مامۆستا | ژ.پۆل | ڕوبەر/م٢ |
|---|---|---|---|---|---|
| **سانا** | ئاسۆس | ١٥٠ | ١٨ | ٥ | ٢٥٠٠ |
| **ناز** | شارەوانی | ٤٠٠ | ٢٠ | ١٢ | ٤٠٠٠ |
| **کۆی گشتی** | ٢ | ٦٥٠ | ٣٨ | ١٧ | ٦٥٠٠ |

سەرچاوە:١--سەردانی مەیدانیی توێژەر

٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی دوکان، بەشی پلاندانان، داتا و زانیاری لەسەر قۆناغی باخچەی منداڵان و مامۆستا بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤، بڵاونەکراوە.

چونکە ئەم باخچەیە دەکەوێتە سنوری گەڕەکێک ژمارەی دانیشتوانی زۆرە (٧٢٥٠) کەس، لە هەمان کاتیشدا ئەم بینای ئەم باخچەیە لە ڕابردودا خوێندنگەی کچان بووە، بەڵام باخچەی (سانا)، کە دەکەوێتە گەڕەکی ئاسۆس، (٣٥٠)خوێندکار و (١٨) مامۆستا و (٥) پۆلی هەیە و ڕوبەری (٢٥٠٠)م٢یە.

نەخشەی (٣)

دابەشبونی باخچەی منداڵان لە ناحیەی پیرەمەگرون بۆ ساڵی ٢٠٢٣




سەرچاوە:کاری توێژەر پشتبەست بە:

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانی پیرەمەگرون، ٢٠٢٣، بڵاونەکراوە.

٢- (map GIS 10.8.3 arc)

**دابەشبونی شوێنی خوێندنگا بنەڕەتییەکان:** ژمارەی خوێندکاران لەم قۆناغی فێرکارییە بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی خوێندکاران لە قۆناغەکانی تری خوێندن لە هەرێمی کوردستان، زیاترە. تەمەنی ئەم قۆناغە لەنێوان (٦-١٥) ساڵی دایە لە دوای قۆناغی باخچەی منداڵان دەستپێدەکات. لە ناوچەی توێژینەوە ئەم قۆناغە بەگشتی لە پۆلی (١تا ٩) دەگرێتەوە کە لە ناحیەی پیرەمەگرون ژمارەیان دەگاتە (٩) خوێندنگا، خشتەی(٤)، نەخشەی (٤).

خوێندنگا بنەڕەتییەکان بەشێوەیەکی ناڕێک بەسەر گەڕەکەکانی شاری پیرەمەگروندا دابەشبوون بە جۆرێک، زۆرترین خوێندنگاکان لەو گەڕەکانەن کە ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە؛ لە گەڕەکی (سارا) و(پێشەوا) و(شەهیدان) هەریەکەو (٢) خوێندنگای تێدایە، لە هەریەک لە گەڕەکەکانی (تۆکمە، شارەوانی، ئاسۆ)هەریەک (١) خوێندنگای بنەڕەتی تێدایە،

سەبارەت بە ژمارەی خوێندکار، خوێندنگای ئاشتی زۆرترین خوێندکاری تێدایە کە دەگاتە (٨٢٠) خوێندکار، چونکە گەڕەکی ئاسۆس تەنها ئەم خوێندنگایەی تێدایە و ژمارەی دانیشتوانی گەڕەکەکە(٤٣٠٠) کەسە. کەمترین خوێندکار لە خوێندنگای (بەرزین)ە، لە گەڕەکی (تۆکمە)، هۆکارەکەی ئەوەیە کە ناوچەی دەوروبەری خوێندنگاکە و گەڕەکی تۆکمە ئاوەدانیی کەمە و ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە (١٥٠٠)کەس.

بەهەمان شێوە ژمارەی خوێندکاران لە خوێندنگاکانی تر جیاوازە و سەرجەمی خوێندکارانی بنەڕەتی دەگاتە (٥٣٥٣) خوێندکار.

ئەوەی تایبەتە بە ژمارەی مامۆستا، کە لەسەر بنچینەی خوێندکار دەستنیشان دەکرێت، زۆرترین مامۆستا لە خوێندنگای (ئاشتی)یە کە دەگاتە(٤٥) مامۆستا و کەمترین ژمارەی مامۆستاش لە خوێندنگای (بەرزین)ە کە (٢٢) مامۆستایە، ژمارەی سەرجەم ماۆستایانی خوێندنگا بنەڕەتییەکان لە ناوچەی توێژینەوە دەگاتە (٣٢٧) مامۆستا.

زۆربەی خوێندنگاکان هەمان دیزاینیان هەیە لە ڕوی پۆل یان لە ڕوی ڕوبەری تەرخانکراو، بۆیە زۆرینەی خوێندنگاکان لە (١٢) پۆل پێکهاتوون جگە لەو خوێندنگایانەی کە دواتر حکومەتی هەرێم دروستی کردون، وەک خوێندنگای (ئاشتی) (١٤) پۆل و(بەرزین) لە (١٣)پۆل پێکدێن. سەرجەم پۆلەکانی خوێندنگای بنەڕەتی دەگاتە (١١١)پۆل، بەهەمان شیوە ڕوبەری خوێندنگا بنەڕەتییەکان لە ڕوبەری (٢٧٠٠م٢) وە دەست پێدەکات کە خوێندنگای (چەمی ڕێزان)ە بۆ زۆرترین ڕوبەر کە خوێندنگای (پیرەمەگرون)ە ڕوبەرەکەی (٣٩٠٠)م٢، وە سەرجەمی ڕوبەری خوێندنگاکان دەگاتە (٢٨٥٠٠)م٢.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp35-49

خشتەی(٤)
دابەشبونی شوێنی خوێندنگای بنەڕەتی لە ناحیەی پیرەمەگرون بۆ ساڵی ٢٠٢٣

| خوێندنگا | گەڕەک | ژ.خوێدکاران | ژ.مامۆستا | ژ.پۆل | ڕوبەرم٢ |
|---|---|---|---|---|---|
| **بنار** | سارا | ٤٦٠ | ٣٤ | ١٢ | ٢٨٠٠ |
| **پیرەمەگرون** | | ٧٩٣ | ٤١ | ١٢ | ٣٨٠٠ |
| **دەروێ** | پیشەوا | ٥٦٠ | ٣٦ | ١٢ | ٢٩٠٠ |
| **چەمی ڕیزان** | | ٤٢٠ | ٢٨ | ١٢ | ٢٧٠٠ |
| **خاک** | شەهیدان | ٦٢٧ | ٣٨ | ١٢ | ٣٢٠٠ |
| **دابان** | | ٦٣٠ | ٤١ | ١٢ | ٣١٠٠ |
| **بەرزین** | تۆکە | ٤٠٣ | ٢٢ | ١٣ | ٣٢٠٠ |
| **ماردین** | شارەوانی | ٦٤٠ | ٤٢ | ١٢ | ٢٨٠٠ |
| **ئاشتی** | ئاسۆس | ٨٢٠ | ٤٥ | ١٤ | ٤٠٠٠ |
| **کۆی گشتی** | ٩ | ٥٣٥٣ | ٣٢٧ | ١١١ | ٢٨٥٠٠ |

سەرچاوە:١-سەردانی مەیدانی تویژەر ٢٠٢٣/١١/١١
٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دوکان، بەشی پلاندانان، داتا و زانیاری لەسەر قۆناغی خوێندنگای بنەڕەتی و مامۆستا بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤، بڵاونەکراوە.

نەخشەی (٤)
دابەشبونی شوێنی خوێندنگا بنەڕەتییەکان لە ناحیەی پیرەمەگرون بۆ سالی ٢٠٢٣




سەرچاوە:کاری تویژەر پشتبەست بە:
١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەرێوەبەرایەتی شارەوانی پیرەمەگرون، ٢٠٢٣، بڵاونەکراوە.
٢- (arcmap GIS 10.8.3)

لەبەرئەوەی خوێندنگاکانی ناحیەی پیرەمەگرون لە دوای ساڵی ١٩٨٨ز دوای دروست کردنی شارەکە بەشێکی زۆر خوێندنگاکانیش دروست کراون

**دابەشبوونی شوێنی خوێندنگا ناوەندییەکان:** قۆناغێکی گواستواوەیە لە نێوان قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی بۆ قۆناغی ئامادەیی کە خوێندن لەم قۆناغە (٣) ساڵە، تەمەنی خوێندکاران لەم قۆناغە لە نێوان (١٢-١٧)ساڵاندایە، ئەم قۆناغە خوێندکاران دەکەونە ژێر کاریگەری گۆڕانکاری دەرونی و جەستەیی بۆیە زۆربەی کات ئەم قۆناغە قۆناغی یەکلا کەرەوەیە بۆ دریژەدان بە خوێندن یان واز هێنان لە خوێندن(الفتلاوی، ٢٠١٩: ١٦٣)، لە ناوچەی توێژینەوە خوێندن لەم قۆناغە پۆلەکانی (٧-٨-٩) دەگرێتەوە کە رۆلی گرنگیان بینیوە لە کەمکردنەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە لە رابردوو بەهۆی هەر هۆکارێک بێت نەیانتوانیوە دریژە بەخوێندن بدەن، لە ناحەی پیرەمەگروون (٤) خوێندنگای ناوەندی هەیە کە هەردوو خوێندنگای (شەهید شازاد، باوێدە) دەکەونە سنوری گەڕەکی (سارا) خوێندنگای شەهید کوردە لەگەڕەکی (پێشەوا)، خوێندنگای (مەبەست) لەگەڕەکی (سارا)یە، خشتەی (٥)، نەخشەی (٥).

خشتەی (٥)

دابەشبونی خوێندگا ناوەندییەکان لە ناحیەی پیرەمەگرون بۆ ساڵی ٢٠٢٣

| خوێندگا | گەڕەک | ژ.خوێندکار | ژ.مامۆستا | ژ.پۆل | روبەر م٢ |
|---|---|---|---|---|---|
| **شەهید کوردە** | پێشەوا | ٨٢٥ | ٣٨ | ٢ | ٣١٠٠ |
| **مەبەست** | شارەوانی | ٨٧٠ | ٤٢ | ٤ | ٣٢٠٠ |
| **شەهید شازاد** | سارا | ٤٠٠ | ١٨ | ٢ | ٢٧٠٠ |
| **باوێدە** | | ٣٨٠ | ١٧ | ٢ | ٢٨٠٠ |
| **کۆی گشتی** | ٤ | ٢٤٧٥ | ١١٠ | ١٠ | ١١٨٠٠ |

سەرچاوە:

١-سەردانی مەیدانی توێژەر

٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دوکان، بەشی پلاندانان، داتا و زانیاری لەسەر قۆناغی خوێندنگای ناوەندیو مامۆستا بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤، بڵاونەکراوە.

نەخشەی (٥)

دابەشبونی خوێندگا ناوەندییەکان لە ناحیەی پیرەمەگرونبۆ ساڵی ٢٠٢٣




سەرچاوە:کاری توێژەر پشتبەست بە:

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەرێوەبەرایەتی شارەوانی پیرەمەگرون، ٢٠٢٣، بڵاونەکراوە.

٢- (arcmap GIS 10.8.3)

ئەمە لەکاتێکدایە زۆرترین ژمارەی خوێندکار لە خوێندنگای (مەبەست)ە کە دەگاتە (٨٧٠) خوێندکار هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم خوێندنگایە دەکەوێتە سەنتەری ناحیەکە وکۆنترین خوێندنگای ناوەندییە کە تەنها خوێندنی پۆلی (٧-٨-٩)تێدا بێت، خوێندنگای (باوێدە) کەمترین ژمارەی خوێندکاری هەیە کە (٣٨٠) خوێندکارە دواتریش خوێندنگای (شەهید شازاد) کە ژمارەی خوێندکارەکان (٤٠٠) خوێندکارە هۆکارەی دەگەڕێتەوە بۆ دابەش بونی خوێندکاران لەم قوناغە بەسەر دوو خوێندنگای ناوەندی، خوێندنگای (شەهید کوردە) (٨٢٥) خوێندکارە کە سەرجەمی خوێندکاران لەم قۆناغە دەگاتە (٢٤٧٥) خوێندکار، سەبارەت بەژمارەی مامۆستا زۆرترین ژمارەی مامۆستا لە خوێندنگای (مەبەست)ە کە (٤٢) مامۆستایە، خوێندنگای (باوێدە) کەمترین ژمارەیە کە (١٧)مامۆستا زۆربەی کات ژمارەی مامۆستا دەبەستریتەوە بە ژمارەی خوێندکاران ژمارەی مامۆستاکان لەم قۆناغە دەگاتە (١١٠)مامۆستا، خوێندنگاکان بەگشتی پۆلەکانیان (١٢) پۆلین جگە لە خوێندنگای (مەبەست) کە (١٤) پۆلە کاتێکدا لەلایەن ئیدارەی خویندنگاکەوە دوو پۆلی بۆ زیادکراوە کە سەرجەم پۆلەکان دەگاتە (٥٠) پۆل، روبەری سەرجەم خوێندنگا ناوەندییەکان دەگاتە (١١٨٠٠)م٢، کە خوێندنگای مەبەست زۆرترین روبەر پێک دینێت کە (٣٢٠٠)م٢

**دابەشبونی شوێنی خوێندنگا ئامادەییەکان:** قۆناغی ئامادەیی گەشە سەندوترین قۆناغە لەدامەزراوە فێرکاریەکاندا کە بریتیە لە دوا قۆناغەکانی خوێندنی خوێندگا و هەنگاونان بۆ خوێندنی باڵا، لەم قۆناغەدا خوێندکار ئامانجەکانی دیاری دەکات بۆیە پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەک بەستراوەتەوە بەم قۆناغە لەبەرئەوەی لە داهاتودا ئەوانن ئاستی رۆشنیری کۆمەڵگاکەیان پێ دەپێوریێت(الربیعی، ١٩٩١: ص ٨٨)، لەناحیەی پیرەمەگرون تەنها سێ خوێندنگای ئامادەیی هەیە هەریەک لە خوێندنگای (سارۆی کوران، رەنێی کچان) دەکەونە سنوری گەڕەکی (سارا) قتابخانەی تابینی کچان لەگەڕەکی (پێشەوا)، خشتەی (٦)، نەخشەی(٦).

خشتەی (٦)

دابەشبوونی خوێندنگا ئامادەییەکان لە ناحیەی پیرەمەگرون بۆ ساڵی ٢٠٢٣

| خوێندنگا | گەڕەک | ژ.خوێندکار | ژ.مامۆستا | ژ. پۆل | روبەر م٢ |
|---|---|---|---|---|---|
| **سارۆی کوران** | سارا | ٤١٢ | ٣٠ | ١٤ | ٤٢٠٠ |
| **رەنێی کچان** | | ٤٧٠ | ٣٥ | ١٥ | ٤٠٠٠ |
| **تابینی کچان** | پێشەوا | ٤٢٥ | ٣٢ | ١٢ | ٣٧٠٠ |
| **کۆی گشتی** | ٣ | ١٣٠٧ | ٩٧ | ٤١ | ١١٩٠٠ |

سەرچاوە:

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp35-49

١-سەردانی مەیدانی توێژەر

٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دوکان، بەشی پلاندانان، داتا و زانیاری لەسەر قۆناغی خوێندنگای ئامادەی و مامۆستا بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤، بڵاونەکراوە.

زۆرترین ژمارەی خوێندکار لە خوێندنگای (ڕەنیی کچانە) کە ژمارەکە دەگاتە (٤٧٠)خوێندکار، خوێندنگای (تابینی کچان) (٤٢٥) خوێندکار و خوێندنگای (سارۆی کوران)(٤١٢)خوێندکارە، ژمارەی سەرجەم خوێندکاران لەم قۆناغە دەگاتە (١٣٠٧) خوێندکار، ئەمە لەکاتێدایە کۆی ژمارەی مامۆستاکان لە خوێندنگا ئامادەییەکان دەگاتە (٩٧) مامۆستا کە خوێندنگای ڕەنیی (٣٥) مامۆستا زۆرترینیانە، ژمارەی پۆلەکان لەم خوێندنگایانە جیاوازە کە سەرجەمیان دەگاتە (٤١)پۆل کە سارۆی کوران (١٤) پۆل، تابینی کچان (١٢)پۆل، ڕەنیی کچان (١٥) پۆل، ڕووبەری سەرجەم خوێندنگاکان دەگاتە (١١٩٠٠م٢)، ڕووبەری خوێندنگای سارۆی کوران زۆرترینە کە دەگاتە (٤٢٠٠م٢) ئەم خوێندنگایە تازەترین خوێندنگایە ساڵی دروست بونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٠١٣) وەک بینای خوێندنگاکە.

## ٢-٣ شێوازی دابەشبونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە:

لێرەدا پشت دەبەستین بە چەند جۆرێک لە ڕێگەی ئاماری بۆ دیاریکردنی شێوازی دابەشبونی خزمەتگوزاریی فێرکاری کە هەریەک لە (کای دوجا chi-square و نزیکترین دراوسێ **nearest neighbo analyses**) دەگرێتەوە:

**کای دوجا chi-square:** کای دوجا بە یەکێک لەو ئامرازانە دەژمێردرێت کە بەکاردەهێنرێت لە پێوانەکردنی مەودای بەراورد کردنی دوو دابەشبوون کە یەکێکیان دابەشبونی پرکتیکی و پێوانەکراوە ئەوەی تریش دابەشبونی تیوریە، لەهەمان کاتیش بەراوردەکە لە نێوان دوکۆمەڵە دایە لە دوبارە بووەکان کە یەکێکیان پراکتیکیە ئەوی تریان تێوریە، بۆیە گریمانە بەکارهاتوەکانیش لەم جۆرە شیکارییەدا پەیوەستە بە جیاوازی نێوان دوو جۆری دابەشبونەکە (کریم، ٢٠١٦: ٤٨).

گریمانەکانیش لەم ئامرازەدا دوانن ئەوانیش

١-گریمانەی سفری کە هیچ جۆرە جیاوازییەکی بنچینەیی نییە لە دابەشبونی ڕاستەقینەی ناوەندە فێرکارییەکان، لەگەڵ دابەشبونی پێشبینی کراودا.

٢-گریمانەی شوێنگرەوە کە جیاوازی بنچینەیی هەیە لە نێوان دابەشبونی ڕاستەقینەی ناوندەکانی فێرکاری، لەگەڵ دابەشبونی پێشبینی کراودا

نەخشەی (٦)

دابەشبوونی شوێنی خوێندنگا ئامادەییەکان لە شاری دوکان بۆ ساڵی ٢٠٢٣




سەرچاوە:کاری توێژەر پشتبەست بە:

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی پیرەمەگرون، ٢٠٢٣، بڵاونەکراوە.

٢- (arcmap GIS 10.8.3)

ئەگەر هاتوو بەهای $X^2$ لە شیکاری هاوکێشەکە گەورەتر بوو لە بەهای خشتەکە، ئەوا گریمانەی سفری ڕەت دەکەینەوە لە جێگەی گریمانەی شوێنگرەوە دادەنێین و پێچەوانەش ڕاستە.

توێژەر بۆ ڕاستکردنەوەی هاوکێشەی پێشنیارکراواهەستاوە بەدانانی (٤) لە جیگای (٢) بۆ ئەوەی ببێتە (4*a/h) بۆ ئەوەی بتوانین بەسەر توێژینەوەکە جێبەجێبکرێت بەم شێوەیە :

(ڕووبەری ناوچە توێژینەوە = ٥.١کم٢ ) و ( ژمارەی ناوەندکانی فێرکاری بریتیە لە ١٨) کەواتە ڕووبەری هەر چوارگۆشەیەک دەگاتە:

$$4x = \frac{5.1}{18} = 1.1$$ کم٢ بۆ

هەر چوار گۆشەیەک

$$\frac{5.1}{1.1} = 4.6$$ لەسە ئەم بنەمایەش

ژمارەی چوارگۆشەکان دەگاتە

$$\frac{18}{4.6} = 3.9$$ هەروەها ژمارەی خاڵە تیۆرییەکان (ناوەندی فێرکاری پێشبینی کراو) بۆ هەر چوار گۆشەیەک دەکات

بەڵام ژمارەی ڕاستی ناو چوار گۆشەکان لە نەخشەی(٧) خشتەی(٧) دا دەردەکەوێت، ئەمە جگە لەدەرخستنی گرنگترین هەنگاوەپێویستیەکانی گەیشتن بە بەبەهای چوارگۆشەی $(x^2)$ بە هەردوو جۆری تیوری و ڕاستەقینەوە لایەنی شیکاری هاوکێشەکە:

$X^2 = (r-p)^2/p$ ($X^2$ نرخی دوجای کای، r = دوبارە بووەکان، p = ژمارەی پێشبینی کراو، 2/p = کۆی بەهاکان)

نەخشەی (٧)

دابەشبونی ڕاستەقینەی بۆ ناوەندەکانی فێرکاری لە ناوتۆڕی چوارگۆشەکاندا




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەست بە خشتەی (٩)

خشتەی(٧)

ژمارەی ڕاستەقینە و پێشبینی کراوی ناوەندەکانی خوێندن لە ناو هەر چوارگۆشەیەک خشتەی (٩)

| ڕیزبەندی چوارگۆشە | ژمارەی ڕاستیی خوێندنگاکانی ناوچوارگۆشە (r) | ژمارەی پێشبینیکراوی خوێندنگاکانی ناو چوارگۆشە (p) | $(r-p)^2/p$ |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢ | ٢ | ٠ |
| ٢ | ٤ | ٢ | ٢ |
| ٣ | ٠ | ٢ | ٢ |
| ٤ | ٢ | ٢ | ٠ |
| ٥ | ٧ | ٢ | ١٢.٥ |
| ٦ | ٢ | ٢ | ٠ |
| ٧ | ٠ | ٢ | ٢ |
| ٨ | ١ | ٢ | ٠.٥ |
| ٩ | ٠ | ٢ | ٢ |
| کۆ | ١٨ | | ٢١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەست بە نەخشەی (٧)

لەبەرئەوەی نرخی دوجای کای بۆ خوێندنگاکان دەکاتە (٢١)، ئەم نرخە لە ژمارەی سەربەستی (n-1) واتە (1-9)، واتە (٨)، کە دەکاتە (١٥.٥٠٧) لە بەرامبەر ژمارەی سەربەستی ستوونی (٠.٠٥) زیاترە، کەواتە گریمانەی سفری ڕەتدەکەینەوە و گریمانەی شوێنگرەوە وەردەگرین، کە دەڵێت: (جیاوازیی بنچینەیی لە نێوان دابەشبوونی ڕاستەقینە و پێشبینیکراودا بوونی هەیە، لەبەرئەوەی چوارگۆشە هەیە هیچ خوێندنگایەکی تێنەکەوتووە، لە کاتێکدا چوارگۆشە هەیە (٣) خوێندنگای تێکەوتووە.

**بەکارهێنانی نزیکترین دراوسێ (nearest neighbor analyses):** ئەم پێوەرە بەکار دێت بۆ پێوانەکردنی دابەشبونی شوێنی و شێوازەکانی، ئەوەی ئەم پێوەرە لە پێوەرەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە دورە لە هەر هەڵەیەک پێچەوانەی پێوەرەکانی تر، هەر لەبەر ئەوەشە ئەم پێوەرە باوترینیانە لە زانستی جوگرافیادا بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی ڕادەی بڵاوبونەوەی خاڵەکان لەدەوری یەکتر و دۆزینەوەی شێوازی گشتی ئەو بڵاوبونەوەیە پاشان ئەوەش دەست نیشان دەکات کە دابەشبونەکە هەرەمەکییە یان کۆبوەیەوە یان پەرش و بڵاوە(شحادە، ٢٠٠٣: ص٢٠٣)، خشتەی(٨)، لایەنی شیکاری هاوکێشەکە بەم جۆرەیە:

$$R=2^{*}D^{*}\sqrt{n}/a$$

لە کاتێکدا

R= بەهای نزیکترین هاوسێ     D=ڕێژەی مەوداکان

n= ژمارەی دیاردەکان     a= ڕوبەری ناوچەکە

شێوازی دابەشبونەکە پەیوەندی هەیە بەبەهای نزیکرین هاوسێ کە لە م خشتەیە ڕوونی دەکەینەوە.

خشتەی (٨)

بەهای پەیوەندی هاوسێیەتی و شێوازی دابەشبون

| بەها | شێوازی دابەشبون |
|---|---|
| سفر-0.09 | کۆبۆوە |
| 0.49-0.1 | نزیکی چڕوپڕ |
| 0.99-0.5 | نزیکی پەرش و بڵاو |
| 1.19-1 | کۆبۆوەی نزیک لەهەرەمەکی |
| 2.15-1.20 | هەرەمەکی |

سەرچاوە: (السماك و العزاوي، 2008: 185).

بۆیە لێرەدا ئاماژە بەوەدەدەین کە (بەهای پلەی پێوانەیی z.score) بریتیە لە (-4.591666)

وە (شێوازی دابەش بون p.value) بریتیە لە (0.000004)

پەیوەندی هاوسێیەتی بریتیە لە (0.434278)

بەسەرنجدان بە شێوە(٢) بۆمان دەردەکەوێت کە ئەنجامی شیکردنەوەی نزیکترین پەیوەندی هاوسێیەتی بۆ ناوەندەکانی فێرکاری لە ناحیەی پیرەمەگرون بریتیە لە (0.43) لەکاتێکدا ئەم بەهایە دەکەوێتە نیوان (0.49 – 0.1) کە بەواتای ئەوە دێت ناوەندە فێرکاریەکان کۆبوەی نزیک هەرەمەکیە، وە بەهای (پلەی پێوانەیی z.score) بریتیە لە (-4.591666) کە بچوکترە لە بەهای (p.value) کە بریتیە لە(0.000004) کەواتە گریمانەی بنەڕەتی سفری ڕەت دەکەینەوە کەدەڵێت دابەشبونی ناوەندەکانی فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە هیچ هۆکارێکی لە پشتەوە نییە، گریمانەی جێگرەوە هەڵدەبژێرین کە دەڵێت دابەشبونی ناوەندە فێرکاریەکان بەشێوەی کۆبۆوەی نزیک لە هەرەمەکی چەندین هۆکار لە پشتیەوە هەیە لەوانەش مێژوی دروست بونی گەڕەکەکان و کۆبونەوەی دانیشتوان لەو گەڕەکانەی کە سەرەتا دروست بوون جگە لە هۆکاری کۆبونەوەی خزمەتگوزارییەکانی تر لەو ناوچانەی کە ناوەندەکانی خوێندنی تێدا کۆبونەوە لەهەمان کاتیش زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان و فراوان بونی گەورەکەکانی ناحیەی پیرەمەگرونلە بەرامبەریش کە کەمی زیاد بونی ژمارەی ناوەندە فێرکاریەکان.

سەبارەت بەخزمەتگوزاریی فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکرێت لە ڕوێژمارەی خوێندکار و روبەری خزمەتگوزارییەکان دەتوانین بەهەڵسەنگاندنی ئەم خزمەتگوزارییەریە توانای ناوەندە فێرکارییەکان بخەینە ڕوو.

شێوەی (٢) ئاراستە و شێوازی دابەشبونی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە ناحیەی پیرەمەگرون بۆ ساڵی ٢٠٢٣ز




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشتبەست بە ئەنجامی (پەیوەندی هاوسێیەتی) بە بەکارهێنانی بەرنامەی(ARC GIS 10.8.3)

## ٤. هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە ناحیەی پیرەمەگرون

ناوچەی توێژینەوە بۆ ساڵی (٢٠٢٣)، (١٨) ناوەندی فێرکاری هەیە کە هەریەک (لە باخچەی منداڵان، خوێندنگاکان) دەگرێتەوە لێرەوە دەردەکەوێت کە ناوەندەکانی خوێندنی باڵا و خوێندنگای پێشەیي و خوێندنگای تایبەت لە ناوچەکە بونیان نییە، کۆی گشتی خوێندکارەکان دەگاتە (٩٨٨٥) خویندکار، (٥٦٧)مامۆستا، (٢١٩)پۆل، روبەری سەرجەم ناوەندە فێرکارییەکان (٥٨٧٠٠م٢).خشتەی(٩)، نەخشەی (٧).

خشتەی (٩)

دابەشبونی ناوەندەکانی خوێندن(باخچەی منداڵان، خوێندنگاکان)لە ناحیەی پیرەمەگرون بۆ ساڵی ٢٠٢٣

| ناوندە فێرکارییەکان | ناو | گەڕەک | ژ. خوێندکار | ژ. مامۆستا | ژ. پۆل | روبەر م٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **باخچەی منداڵان** | سانا | ئاسۆس | ٣٥٠ | ٨ | ٥ | ٢٥٠٠ |
| | ناز | شارەوانی | ٤٠٠ | ٢٠ | ١٢ | ٤٠٠٠ |
| **خوێندنگا بنەڕەتییەکان** | بنار | سارا | ٤٦٠ | ٣٤ | ١٢ | ٢٨٠٠ |
| | بەرزین | تۆکە | ٤٠٣ | ٢٢ | ١٣ | ٣٢٠٠ |
| | دەروێ | پێشەوا | ٥٦٠ | ٣٦ | ١٢ | ٢٩٠٠ |
| | ئاشتی | ئاسوس | ٨٢٠ | ٤٥ | ١٤ | ٤٠٠٠ |
| | خاک | شەهیدان | ٦٢٧ | ٣٨ | ١٢ | ٣٢٠٠ |
| | چەمی ڕیزان | پێشەوا | ٤٢٠ | ٢٨ | ١٢ | ٢٧٠٠ |
| | پیرەمەگرون | سارا | ٧٩٣ | ٤١ | ١٢ | ٣٨٠٠ |
| | ماردین | شارەوانی | ٦٤٠ | ٤٢ | ١٢ | ٢٨٠٠ |
| | دابان | شەهیدان | ٦٣٠ | ٤١ | ١٢ | ٣١٠٠ |
| **خوێندنگا دوا ناوەندیەکان** | شەهید کوردە | پێشەوا | ٨٢٥ | ٣٨ | ١٢ | ٣١٠٠ |
| | شەهید شازاد | سارا | ٤٠٠ | ١٨ | ١٢ | ٢٧٠٠ |
| | مەبەست | شارەوانی | ٨٧٠ | ٤٢ | ١٤ | ٣٢٠٠ |
| | باوێدە | سارا | ٣٨٠ | ١٧ | ١٢ | ٢٨٠٠ |
| **خوێندنگا ئامادەییەکان** | سارۆی کوران | سارا | ٤١٢ | ٣٠ | ١٤ | ٤٢٠٠ |
| | تابینی کچان | پێشەوا | ٤٢٥ | ٣٢ | ١٢ | ٣٧٠٠ |
| | ڕەنێنی کچان | سارا | ٤٧٠ | ٣٥ | ١٥ | ٤٠٠٠ |
| **کۆی گشتی** | ١٨ | ٦ | ٩٨٨٥ | ٥٦٧ | ٢١٩ | ٥٨٧٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە خشتەکانی(٤-٥-٦-٧-٨)

ئەوەی گرنگە لە کاتی ئەنجامدان و دروست کردنی خزمەتگوزاریی فێرکاری تەنها بریتی نییە لە دروست کردنی خزمەتگوزارییەکان بەڵکو ئەوەی گرنگە دروست کردنی ناوەندەکانی فێرکارییە بە پێی پێوەرەکان کە هۆکارێکە بۆ پێشکەوتن و پەرەپێدانی فێرکردن، لەناوچەی توێژینەوە دوای شیکارکردنی ناوەندەکانی فێرکاری گرنگە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم ناوەندانە بکەین بەپێوەری عێراقی وەک لە خشتەی (١) لە پاشکۆ پێوەرە عێراقییەکان نیشان دراون

لێرەدا بە پشتبەست بەخشتەی (٩)، ناوەندەکانی فێرکاری لە ناحیەی پیرەمەگرون هەڵدەسەنگێنین بە پێی پێوەری عیراقی بەم شێوەیە:

### ٤-١ هەڵسەنگاندنی ناوەندەکانی خوێندن بە پێی(ژمارەی خوێندکار/خوێندنگا):

ئەم پیوەرە ئاماژە بە ژمارەی خوێندکاران دەکات بەپێی ژمارەی خوێندنگاکان، لێرەدا ناوەندە فێرکارییەکان بە جیا باس دەکەین:

بەپێی پێوەرەکە بۆ هەر باخچەیەکی منداڵان پێویستە (١٨٠) منداڵ تیایدا بخوێنن، ئەمە لە کاتێکدایە لەناوچەی توێژینەوە (٢)باخچە هەیە کە سەرجەم خوێندکارەکانی دەگاتە (٦٥٠) منداڵ، گەر بەراوردی بکەین ئەوا پێویستە لەناوچەی توێژینەوە بە پێی پێوەرەکانی عێراقی (٣.٦) باخچەی منداڵان هەبێت واتە نزیکەی (٤) باخچەی منداڵان پێویستە لە ناوچەی توێژینەوە هەبێت بۆ ساڵی (٢٠٢٣)دا.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp35-49

ئەوەی پەیوەستە بە خوێندنگا سەرەتاییەکان لە ناوچەی توێژینەوە پێویستە بۆ (٣٧٠) خوێندکار (١) خوێندنگا بوونی هەبێت، بەڵام ناحیەی پیرەمەگرونژمارەی خوێندکارەکان (٥٣٥٣) خوێنکدارن لە بەرامبەردا (٩) خوێندنگا هەیە، ئەگەر بەپێی پێوەری عیراقی هەڵسەنگاندن بکەین پێویستمان بە (١٤.٤) خوێندنگا هەیە بە پێی ژمارەی خوێندکارەکان بۆ ساڵی (٢٠٢٣)دا، واتە (٥) خوێندنگا کەمترە لەوەی کە هەیە،

نەخشەی(٨) دابەشبوونی ناوەندەکانی فێرکاری (باخچەی منداڵان و خوێندنگاکان) لە ناحیەی پیرەمەگرونبۆ ساڵی ٢٠٢٣

سەرچاوە:کاری توێژەر پشتبەست بە:




١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەرێوەبەرایەتی شارەوانی پیرەمەگرون، ٢٠٢٣، بڵاونەکراوە.

٢- (arcmap GIS 10.8.3)

بەلام سەبارەت بە خوێندنگا ناوەندییەکان بۆ هەر (٣٢٤) خوێندکارێک (١) خوێندنگا هەبێت، لە ناوچەی توێژینەوەیە (٢٤٧٥) خوێندکار هەیە لەبەرامبەردا (٤) خوێندنگا هەیە، گەر بەراوردی بکەین بە پێی پێوەرەکان پێویست بوو بەپێی ئەم ژمارە خوێندکارە کە بوونی هەیە (٧.٦) واتە نزیکەی (٨) خوێندنگا هەبێت، کەواتە نزیکەی (٤) خوێندنگای تر پێویستە لەناوچەی توێژینەوە بۆ ساڵی (٢٠٢٣)دا،

ئەمە لەکاتێکدایە ژمارەی خوێندنگا ئامادەییەکان پێویستە هەر خوێندنگایەک (٣١٦) خوێندکاری تێدا بێت بەڵام لە ناحیەی پیرەمەگروون (١٣٠٧) خوێندکار هەیە لەبەرامبەردا (٣) خوێندنگای ئامادەیی هەیە، ئەگەر ئەم ژمارەیە بەراورد بکەین بەپێی پێوەری عیراقی پێویستە (٤) خوێندنگا هەبێت کە لە ئێستادا لە ساڵی (٢٠٢٣)دا (١) خوێندنگا کەمترە لەوەی کە هەیە.

## ٤-٢ هەڵسەنگاندنی ناوەندەکانی خوێندن بە پێی (ژمارەی خوێندنگا / ژمارەی پۆل):

لەم پێوەرەدا ئاماژە دەکەین بە هەڵسەنگاندنی ناوەندەکانی خوێندن بەپێی ژمارەی خوێندکار و ژمارەی پۆلەکان بەپێی ئەو ژمارانەی کە لە پێوەری عێراقی ئاماژەی پێدراوە، سەرەتا لە باخچەی منداڵانەوە دەست پێدەکەین بە پێی پێوەرەکە بێت لە عێراقدا پێویستە هەر پۆلێک لە بەرامبەر (٢٥-٣٠)خوێندکار بیت لەکاتێکدا ناوەندی ژمارەکە وەردەگرین، لەناوچەی توێژینەوە (١٧) پۆل هەیە لەبەرامبەر (٦٥٠) خوێندکار، واتە گەر (٦٥٠) بەسەر (٢٧) پۆلدا دابەش بکەین ئەوا (٢٤) پۆل دەکات واتە لێرەدا ژمارەی پۆلەکان بەرامبەر ژمارەی خوێندکارەکان (٧) پۆل کەمتر بەرامبەر ژمارەی خوێندکارانی باخچەی منداڵان بۆ ساڵی (٢٠٢٣)دا،

ژمارەی پۆلەکان لەسەر جەم خوێندنگا بنەڕەتییەکان دەگاتە (١١١) پۆل، لەکاتێکدا بەپێی پێوەری عێراقی پێویستە بۆ هەر (٣٠-٤٠) خوێندکار لەم قوناغەدا بەرامبەر بە یەک پۆلە، لیرەدا ناوەندی ژمارەکە کە (٣٥) پۆلە وەردەگرین بەرامبەر بە (٥٣٥٣) خوێندکار کە دەکاتە (١٥٢) پۆل واتە (٤١) پۆل کەمترە لەوەی کە ئیستا بونی هەیە بۆ ساڵی (٢٠٢٣)، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەمترین خوێندنگا دروست کراوە لە دوای ساڵی (٢٠٠٠) لەبەرامبەریش ژمارەی دانیشتوان لە زیادبووندایە.

بەپێی هەمان پێوەر ژمارەی خوێندکارانی خوێندنگا ناوەندییەکان پێویستە (٣٠) خوێندکار بیت بۆ هەر پۆلێک، لەکاتێکدایە کە ژمارەی خوێندکارانی ناوندی دەگاتە (٢٤٧٥) خوێندکار ژمارەی پۆلەکان دەگاتە (٥٠) پۆل هەیە، بەپێی پێوەرەکان بێت دەبێت ژمارەی خوێندکارەکان (٨٢) پۆل بێت واتە لیرەدا بۆ ساڵی (٢٠٢٣) دا (٣٢) پۆل کەمترە بەرامبەر ئەوەی کە هەیە،

ژمارەی پۆلەکانی خوێندنگا ئامادەییەکان دەگاتە (٤١)پۆل و ژمارەی خوێندکارەکان (١٣٠٧) خوێندکار، بەپێی پێوەری عێراقی پێویستە هەر پۆلێک بەرامبەر (٣٠-٣٦) خوێندکار بێت لیرەدا ناوەندی ئەم ژمارەیە (٣٣) وەردەگرین بۆیە پێویستە لە ناوچەی توێژینەوە (٤٠) پۆل بونی هەبێت واتە یەک پۆل زیاترە لەم قۆناغە لە ئاستی پێویست، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خوێندکارەکان بەشێکی زۆریان پێش ئەوەی بگەنە ئەم قۆناغە واز لە خوێندن دێنن لەبەر هۆکاری کۆچ کردن و دۆخی دارایی نەیان توانیوە درێژە بە خوێندن بدەن.

## ٤-٣ هەڵسەنگاندنی ناوەندەکانی خوێندن بە پێی(ژمارەی خوێندکار/ ژمارەی مامۆستا):

لەبەر ئەوەی مامۆستا لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە پێشەوەی هەموو هۆکارەکانی ترن بۆیە هەڵسەنگاندنی ناوەندەکانی خوێندن بەپێی ژمارەی مامۆستا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە خوارەوە باسیان دەکەین:

ناوچەی توێژینەوە باخچەی منداڵانی (٣٨) مامۆستا خزمەتی تێدا دەکات، لەکاتێکدا ژمارەی خوێندکارەکانی دەگاتە (٦٥٠) خوێندکار، بەپێی پێوەری عێراقی بێت پێویستە بۆ هە (١٦-٢٠) خوێندکار (١)مامۆستا هەبێت ئەگەر ناوەندی ئەم ژمارەیە وەربگرین واتە (١٨) خوێندکار بەرامبەر بە یەک مامۆستا ئەوا پێویست بوو بەرامبەر ئەم ژمارەیە لە خوێندکاران (٣٩) مامۆستا بوونی هەبێت واتە (١) مامۆستا کەمترە لەوەی کە هەیە لە ساڵی (٢٠٢٣)دا،

ئەوەی تایبەتە بە ژمارەی مامۆستا لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان ژمارەی مامۆستاکان لەم ناوەندانە دەگاتە (٣٢٧) مامۆستایە لە بەرامبەردا ژمارەی خوێندکارەکان دەگاتە (٥٣٥٣)خوێندکار، لەکاتێکدا بەپێی پێوەری عێراقی پێویستە بۆ هەر (١٩)خوێندکار یەک مامۆستا بوونی هەبێت، کەواتە لەناوچەی توێژینەوە پێویستە (٢٨٢) مامۆستا بونی هەبێت ئەم لە کاتێکدایە کە (٣٢٧) مامۆستا بوونی هەیە کەواتە (٤٥) مامۆستا زیاترە بەپێی پێوەری عێراقی بۆ ساڵی (٢٠٢٣)،

بەڵام سەبارەت بە خوێندنگا ناوەندییەکان بەپێی پێوەری عێراقی بۆ هەر (٣٠) خوێندکار یەک مامۆستایە، لە کاتێکدا لەناوچەی توێژینەوە ژمارەی مامۆستایانی خویندنگە ناوەندییەکان(١١٠) مامۆستایە لە بەرامبەردا (٢٤٧٥) خوێندکار بونی هەیە

گەر بەراوردێک بکەین دەبینین بەپێی ژمارەی خوێندکار (٨٣) مامۆستا پێویستە واتە (٢٧)مامۆستا زیاد هەیە لەم ناوەندانە بۆ ساڵی (٢٠٢٣).

ئەوەی تایبەتە بە خوێندنگا ئامادەییەکان کە ژمارەی مامۆستاکان دەگاتە (٩٧) مامۆستا و ژمارەی خوێندکارەکان (١٣٠٧) خوێندکارە، بەپێی پێوەری عێراقی پێویستە بۆ هەر (٣٠) خوێندکار یەک مامۆستا بونی هەبێت، کەواتە پێویستە لە ناوچەی توێژینەوە بەپێی پێوەرەکە (٤٤) مامۆستا بوونی هەبێت ئەمە لەکاتێکدایە (٩٧) مامۆستا بونی هەیە واتە (٥٣)مامۆستا زیاد هەیە بەپێی پێوەرەکە.

### ٤-٤ هەڵسەنگاندنی ناوەندەکانی خوێندن بە پێی ڕووبەری خوێندنگا/م٢:

بە پێی پێوەری عێراقی سەبارەت بە ڕوبەری ناوەندەکانی خوێندن ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەر باخچەیەکی منداڵان پێویستە ڕوبەرەکەی (٢٧٠٠م٢)بێت، وەخوێندنگا بنەڕەتییەکان (٢٨٠٠م٢)، خوێندنگای ناوەندی (٣٠٠٠م٢)، خوێندنگا ئامادەییەکان (٢٦٠٠م٢) بێت.

ناوچەی توێژینەوە ڕوبەری سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن تیایدا جیاوازە بە جۆرێک باخچەی منداڵان ڕوبەری سەرجەمیان دەگاتە (٦٥٠٠م٢)، بەپێی پێوەری عیراقی کە ڕوبەری باخچەی منداڵانی تێدا دیاری کراوە کە پێویستە ڕوبەری هەر باخچەیەکی منداڵان(٢٧٠٠م٢) بێت کەواتە ناوچەی توێژینەوە (٢) باخچەی منداڵانی هەیە کەواتە پێویستە ڕوبەری سەرجەمیان بکاتە (٥٤٠٠م٢)بێت، واتە (١١٠٠م٢) ی زیادە بەبراورد لەگەڵ پێوەری عێراقی،

سەبارەت بە ڕوبەری خوێندنگا بنەڕەتییەکان کە ژمارەی سەرجەم ناوەندەکان(٩) خوێندنگایە ڕوبەری سەرجەمیان(٢٨٥٠٠م٢)، بەپێی پێوەری عێراقی پێویستە هەر خوێندنگایەکی بنەڕەتی ڕوبەرەکەی لە (٢٨٠٠م٢)کەمتر نەبێت واتە پێویستە ڕوبەری سەجەم خوێندنگا بنەڕەتییەکان (٢٥٢٠٠م٢)بێت لە ئیستادا، واتە لە ئیستادا خوێندنگا بنەڕەتییەکان (٢٣٠٠م٢) زیاترە لە ڕوبەری پێویست.

ڕوبەری خوێندنگا ناوەندییەکان بەپێی پێوەرەکە بۆ هەر خوێندنگایەک (٣٠٠م٢)ە،لە ناوچەی توێژینەوە (٤) خوێندنگا هەیە ڕوبەری سەرجەمیان دەگاتە (١١٨٠٠م٢)، بەڵام بەراورد بەپێی پێوەرەکە پێویستە (١٢٠٠٠م٢) بوایە واتە (٢٠٠م٢)کەمترە لەوەی کە پێوەرەکە داوای دەکات،

سەبارەت بە خوێندنگا ئامادەییەکان لەناوچەی توێژینەوە ژمارەیان دەگاتە (٣) خوێندنگا ڕوبەری سەرجەمیان (١١٩٠٠م٢)، کە زۆرترین ڕبەر خوێندنگای ئامادەیی سارۆی کورانە کە ڕوبەرەکەی (٤٢٠٠م٢)، ئەمە لە کاتێکدایە کە بە پێی پێوەری عێراقی کە پێویستە هەر خوێندنگایەک ڕوبەری (٢٦٠٠م٢) بێت واتە پێویستە ڕوبەری سەرجەمیان بکاتە (٧٨٠٠م٢)، واتە لە ئیستادا (٤١٠٠م٢) ڕوبەری زیاد هەیە لەم ناوەندانە بۆ ساڵی (٢٠٢٣)،

ئەگەر سەرنج بدەین لە ڕویروبەرەوە ناوەندە فێرکارییەکان ڕوبەریان جیاوازە و ڕوبەری سەرجەمیان زیاترە وەک ئەوەی لە پێوەری عێراقیدا هاتووە، جگە لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان نە بێت کە (٢٠٠م٢) کەمترە بەراورد بە پێوەرەکە ، هۆکاری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ فراوانی ڕوبەری ناوچەی توێژینەوە.

### ٤-٥ هەڵسەنگاندنی ناوەندەکانی فێرکاری بە پێی(م٢/ خوێندکار):

ئەم پێوەرە گرنگی دەدات بە بەشی هەر خوێندکارێک بە م٢ لەناوەندەکانی فێرکاری کە گرنگی خۆی هەیە بۆ خوێندکار چونکە بوونی ڕوبەری پێویست بۆ خوێندکار لەکاتی وانە خوێندن کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەرتوانای تێگەیشتنی خوێندکارەکە، بەپێی پێوەری عێراقی هەر خوێندکارێک لە باخچەی منداڵان (١٥-١٦م٢) ی پێویستە، لەکاتێکدا ڕوبەری سەرجەم باخچەی منداڵان (٦٥٠٠م٢)ە، ژمارەی خوێندکارەکان لە ناوەندانە (٦٥٠)خوێندکارە، هەر خوێندکارێک (١٠م٢) بەر دەکەوێت لەناوچەی توێژینەوە بەبەراورد لەگەڵ پێوەرەکە هەر خوێندکارێک (٥-٦م٢) ی کەمترە لە پێوەری عێراقی.

سەبارەت بە خوێندنگا بنەڕەتییەکان بەشی هەر خوێندکارێک بە پێی پێوەرەکە بریتیە لە (٦-٨م٢) لەکاتێکدا بەشی هەر خوێندکارێک لەم ناوەندانە بریتیە لە (٥م٢) واتە هەرخوێندکارێک (١-٨م٢) ڕوبەری م٢ /خوێندکاری کەمترە بەراورد بە پێوەرەکە، ڕوبەری سەرجەم خوێندنگا ناوەندییەکان بریتیە لە (١١٨٠٠م٢) و ژمارەی خوێندکارەکان دەگاتە(٢٤٧٥) خوێندکار واتە بەشی هەر خوێندکارێک (٥م٢) لەکاتێکدا بەپێی پێوەرەکە پێویست بوو (٩م٢) بوایە واتە هەر خوێندکارێک لەم ناوەندانە ( ٤م٢)ی کەمترە بەراورد بە پێوەرەکە،

خوێندنگا ئامادەییەکان ڕوبەری سەرجەمیان(١١٩٠٠م٢)، ژمارەی خوێندکارەکانی (١٣٠٧) خوێندکارە واتە بەشی خوێندکار (٩م٢) لەکاتێکدا بە پێی پێوەرەکە پێویست بوو (٩.٩م٢) بوایە.

### ٤-٦ هەڵسەنگاندنی ناوەندەکانی فێرکاری بە پێی (ژمارەی پۆل):

بە پێی پێوەرەکە پێویستە هەر باخچەیەکی منداڵان (٤-٦) پۆلی هەبێت، خوێندگەی بنەڕەتی (٦-١٢)پۆل، خوێندنگا ناوەندیەکان(٦-٩)پۆل و خوێندنگای ئامادەیی (٦)پۆل بێت،

لەناوچەی توێژینەوە ژمارەی پۆلەکان لە باخچەی منداآل بریتیە لە (١٧) پۆل ئەمە لەکاتێکدا بە پێی پێوەرەکە گەر (٦) پۆلی وەربگرین پێویستە لەناوچەکە (١٢) پۆل هەبێت لەبەر ئەوەی (٢) بوخچەی منداڵانی تێدایە، واتە (٥) پۆل زیاترە بە پێی پێوەرەکە،

بەڵام خوێندنگا بنەڕەتییەکان ژمارەی پۆلەکانی دەگاتە (١١١) پۆل لەکاتێکدا ژمارەی خوێندنگە بنەڕەتییەکان (٩) خویندنگایە، واتە ئەگەر (١٢)پۆل وەربگرین دەگاتە (١٠٨) پۆل واتە جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدیناکرێت کە ژمارەی پلەکان (٣) پۆل زیاترە بەپێی پێوەرەکە.

ژمارەی پۆلەکان لە خوێندنگا ناوەندییەکان بریتیە (٥٠) پۆل لەکاتێکدا بەپێی پێوەرەکە پێویستە (٣٦) پۆل هەبێت، لەبەرئەوەی (٤) خوێندنگا و ژمارەی خوێندکارەکان (٢٤٧٥)خوێندکارە، واتە لێرەدا (١٤) پۆل زیاد هەیە بە بەراورد لەگەڵ پێوەرەکە.

ئەوەی تایبەت بێت بە ژمارەی پۆلی پێویست بۆ ناوەندە ئامادەییەکان بریتیە لە (٦) پۆل، ئێستا ژمارەیان (٤١) پۆلە، بەڵام بەپێی پێوەرەکە (١٨) پۆل پێویستە بە پێی ژمارەی خوێندنگا، واتە (٢٣) پۆل زیادە، ئەم پێوەرە پشت بە ژمارەی خوێندکاکان دەبەستێت، بەڵام لە ڕاستیدا ناتوانرێت وەک پێوەرێکی دروست بەکاربێت لە هەڵسەنگاندنی خوێندنگاکان، چونکە خوێندنگاکانی ناوچەی توێژینەوە زۆربەیان دو دەوامیان تێدا دەکرێت، ئەگەر ئەم پێوەرە بە پێی ژمارەی خوێندکارەکان دابنرایە، لە ڕاستی نزیکتربوو.

### ٤-٧ هەڵسەنگاندنی ناوەندەکانی فێرکاری بە پێی (ژمارەی دانیشتوان):

باخچەی منداڵان بەپێی شارەکان و ژمارەی دانیشتوان و ڕێژەیان دەگۆڕێت؛ بە جۆرێک ئەو شارانەی کە قەبارەی دانیشتوانی لە (٥٠٠٠)کەس نزیکە، پێویستە بەلایەنی کەم (٢-٣) باخچەی منداڵانی تێدا بێت، ئەو منداڵانەی دەخرێنە باخچەکان

تەمەنیان لە نێوان (٤-٥) ساڵاندایە، ئەم تەمەنە گرنگترین قۆناغە بۆ گەشەی منداڵان، کاردەکاتە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی و دیاریکردنی هەڵسوکەوتی لەگەڵ خێزان و دەوروبەری، لە داهاتودا. (حمەعلی، ٢٠١٦:ل ١٣٠)

بەپێی پێوەری عێراق بۆ هەر (٢٤٠٠) کەس لە دانیشتوان، پێویستە باخچەیەکی منداڵان و خوێندنگایەکی بنەڕەتی هەبێت، لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی شاری پیرەمەگرون دەگاتە (٣٤٥٥٠)کەس، خشتەی (٤)، پێویستی بە (١٤) باخچەی منداڵان و (١٤) خوێندنگای بنەڕەتی هەیە، کە ئێستا (٢) باخچەی منداڵان و (٩) خوێندنگای بنەڕەتیی هەیە. واتە (١٢) باخچەی منداڵان و (٥) خوێندنگای بنەڕەتیی کەمە.

تایبەت بە خوێندنگا ناوەندییەکان، بەپێی پێوەرەکە بۆ هەر (٩٦٠٠) کەس، پێویستە یەک خوێندنگای ناوەندی هەبێت. بەراورد لەگەڵ پێوەرەکە پێویستە (٤) خوێندنگا هەبێت، ئێستا (٤) خوێندنگا لە ناوچەی توێژینەوەدا هەیە.

سەبارەت بە خوێندنگا ئامادەییەکان کە ژمارەیان (٣) خوێندنگایە، بەپێی پێوەرەکە بۆ هەر (٩٦٠٠)کەس یەک خوێندنگا پێویستە، واتە پێویستی بە (٤) خوێندنگا هەیە، لە کاتێکدا (٣) خوێندنگا هەیە، کەواتە بە پێوەری عێراق (١) خوێندنگا کەمترە. گرنگیی ئەم پێوەرانە بۆ ناوچەی توێژینەوە لەوەدا دەردەکەوێت کە کەموکورییەکانی تایبەت بە ناوەندەکانی خوێندن دیاریکراوە بۆ ئەوەی بتوانین پەرە بە ناوەندەکانی خوێندن بدەین بە جۆرێک لەگەڵ پێوەری عێراقی و پێویستیی دانیشتوانی ناوچەکە بگونجێت.

**٥-هەڵسەنگاندنی ناوەندەکانی فێرکاری بەپێی پێوەری شوێنی پشتێنەی کاریگەر:** مەبەست لە پێوەری شوێنی ئەو پێوەرانە دەگرێتەوە، کە گونجاوی و نەگونجاویی شوێنی خزمەتگوزارییەکان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا هەڵدەسەنگێنێت. لەم توێژینەوەیە توێژەر پشتی بە پێوەری پشتێنەی کاریگەر بەستوە، لەبەر زۆریی ناوەندەکانی فێرکاری، کە بە یەکێک لە گرنگترین پێوەرە شوێنیەکان دادەنرێت و خۆی لە کێشانی پشتێنەیەک بەدەوری ناوەندی هەریەک لە دیاردەکاندا دەبینێتەوە، لە چوارچێوەی سیستەمی زانیاریی جوگرافی (gis)دا، لەم توێژینەوەیەدا سەرجەم ناوەندەکانی فێرکاری باسکراون، بۆیە بەجیا باسی پشتێنەی کاریگەری هەریەکەیان دەکەین: نەخشەی (٩)

١-پشتێنەی کاریگەر بۆ باخچەی منداڵان: بە سەرنجدان لە خشتەی (٩) و دیاریکردنی پشتێنەی کاریگەر بۆ باخچەی منداڵان، کە کاریگەریی پشتێنەکە (٣٠٠مەتر)ە بەدەوری هەر باخچەیەکی منداڵاندا، لە پاش بەکارهێنانی ئەم پێوەرە دەتوانین روونی بکەینەوە، کە جگە لەگەڕەکەکانی (پێشەوا، شارەوانی، ئاسۆس)، سەرجەم گەڕەکەکانی (شەهیدان، سارا، تۆکمە)، لە باخچەی منداڵان بێبەشن.

٢-خوێندنگەی بنەڕەتی و ناوەندی: پشتێنەی کاریگەر بۆ خوێندنگە بنەڕەتی و ناوەندیەکان، (٥٠٠ مەتر)ە. لە ناوچەی توێژینەوە بەهۆی زۆریی ژمارەی ئەم ناوەندانە تەنها بەشێک لە گەڕەکەکانی (پێشەوا، شارەوانی، سارا) لەم ناوەندانە بێبەشن، یاخود نەکەوتونەتە چوارچێوەی پشتێنەی کاریگەر.

٣-خوێندنگەی ئامادەیی: بەسەرنجدان لە خشتەی (٩) دەردەکەوێت کە پشتێنەی کاریگەر بۆ خوێندنگەی ئامادەیی بریتیە لە (٨٠٠مەتر)، پشتێنەی کاریگەر بۆ هەر سێ خوێندنگەی ئامادەیی لە ناوچەی توێژینەوە تەنها توانای خزمەتکردنی گەڕەکەکانی (پێشەوا، سارا) و بەشێکی کەمی گەڕەکی (شارەوانی)ی هەیە، سەرجەم گەڕەکەکانی تر لەم خوێندنگایانە بێبەشن.

نەخشەی (٩)

پشتێنەی کاریگەر بۆ ناوەندە فێرکارییەکانی ناحیەی پیرەمەگرون بۆ ساڵی ٢٠٢٣




سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (arcgis 10.8.3)

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp35-49

## ٦. ئەنجام

لە کۆتاییدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

١-ژمارەی دانیشتوان لە ناحیەی پیرەمەگرون بۆ ساڵی (٢٠٢٣) دەگاتە (٣٤٥٥٠) کەس و گەشەی دانیشتوان لە شارەکە لە ساڵی (٢٠٢١-٢٠٢٣) بریتییە لە (٢.٥)، واتە ژمارەی دانیشتوان بەخێرایی زیاد دەکات لە بەرانبەردا ژمارەی ناوەندەکانی فێرکردن زۆر کەم زیادی کردووە؛ بە جۆرێک لە دوای ساڵی (٢٠٠٠) تەنها (٤) ناوەندی خوێندن دروستکراوە، بۆیە ژمارەی ناوەندە فێرکارییەکان لە ئاستی داواکاریی دانیشتواندا نییە.

٢-ناوەندە فێرکارییەکان بە شێوەیەکی نایەکسان بەسەر گەڕەکانی شارەکەدا دابەشبون؛ هەندێک گەڕەک تەنها یەک ناوەندی خوێندنی تێدایە، وەک گەڕەکی تۆکمە، لە بەرانبەردا هەندێک گەڕەکی تر زیاتر لە یەک ناوەندی خوێندنی تێدایە وەک گەڕەکی پێشەوا.

٣-ژمارەی سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن لە ناحیەی پیرەمەگرون، دەگاتە (١٨) ناوەند کە (٢) ناوەند باخچەی منداڵان، (٩) ناوەند خوێندنگای بنەڕەتین، (٤) ناوەند خوێندنگای ناوەندین و (٣) ناوەند خوێندنگای ئامادەیین.

٤-ژمارەی خوێندکارەکان لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن دەگاتە (٩٨٨٥) خوێندکار، زۆرترینیان خوێندکارانی بنەڕەتین؛ کە دەگاتە (٥٤٥٣) خوێندکار.

٥-زۆرترین ناوەندەکانی خوێندن دەکەونە سنوری گەڕەکی (سارا) کە ژمارەیان (٦) ناوندە.

٦-ڕوبەری سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن دەگاتە (٥٨٧٠٠م٢). خوێندنگای ئامادەیی (سارۆی کوڕان)، بە (٤٢٠٠م٢)، زۆرترین ڕوبەر پێکدێنێت.

٧-بەپێی هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکانی ناحیەی پیرەمەگرون، جگە لە هەڵسەنگاندنی ژمارەی مامۆستا، کە ژمارەی مامۆستا بە بەراورد بە پێوەری عیراقی بەرزترە، لە سەرجەم پێوەرەکانی تر خزمەتگوزاریی فێرکاری کەموکورتیی هەیە.

٨-هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاریی فێرکاری بەپێی پشتێنەی کاریگەر وانیشان دەدات، کە باخچەی ی منداڵان و ناوەندی خوێندنی ئامادەیی تەنها خزمەت بەچەند گەڕەکێک دەکەن و هەریەک لە گەڕەکانی (شەهیدان، سارا، تۆکمە) لە خزمەتگوزاریی فێرکاریی باخچەی منداڵان بێبەشن. گەڕەکەکانی (شەهیدان، ئاسۆس، تۆکمە، بەشێکی زۆری گەڕەکی شارەوانی) لە ناوەندی فێرکاریی خوێندنگەی ئامادەیی بێبەشن.

## ٧- ڕاسپاردەکان

دوای تەواوکردنی توێژینەوەکە چەند ڕاسپاردەیەک دەخەینەڕو:

١-زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی پیرەمەگرون وا دەخوازێت، لایەنی پەیوەندیدار بەپێی ژمارەی دانیشتوانەکەی، دەست بە دروست کردنی ناوەندەکانی خوێندن بکات، بۆ ئەوەی بتوانرێت سەرجەم دانیشتوان سودمەند بن، بە پشتبەستن بە تەکنیکی نوێ، کە لەگەڵ پلانی ناحیەکە بگونجێت.

٢-دروستکردنی ناوەندەکانی باخچەی منداڵان و خوێندنگەی ئامادەیی بەشێوەیەک بێت، ڕەچاوی پێوەر و ستانداردی ناوخۆیی و جیهانی بکرێت، چونکە دو قۆناغی زۆر گرنگی پرۆسەی خوێندنن، کە دابەشبونی ئێستایان- بەپێی پشتێنەی کاریگەر- توانای خزمەتکردنی گشت گەڕەکەکانیان نییە.

٣- ئەو گەڕەکانەی کێشەی کەمیی توانای خزمەتکردنی فێرکارییان هەیە، خاوەنی بۆشاییەکی زۆری زەوین، دەکرێت بۆ دروستکردنی ناوەندە فێرکارییەکان، سود لەم زەوییانە وەربگیرێت، چونکە هەڵکەوتەی ناحیەکە لەسەر دەشتی پیرەمەگرونە، دەشتێکی فراوانە و ناحیەکە خاوەنی ماستەرپلانی خۆیەتی و ئەنجامدانی خزمەتگوزاری کارێکی ئاسانە.

٤- بەکارهێنانی سیستەمی زانیاریی جوگرافی (GIS) بۆ نەخشەکێشانی شوێنی قوتابخانەکان بە بەراورد بە چڕیی دانیشتوان، بەپێی تایبەتمەندییە جوگرافییەکان و پێوەرەکان بێت، بۆ ئەوەی ئەم شیکارییە بتوانێت یارمەتیدەر بێت لە دیاریکردنی ئەو ناوچانەی دەستڕاگەیشتنیان بە ناوەندەکانی خوێندن بە شێوەیەکی گونجاو نییە. دیاریکردنی باشترین شوێن کە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بگونجێت.

٥-هاندانی خاوەن سەرمایەکانی ناوچەکە بۆ کردنەوەی قوتابخانە و باخچەی منداڵانی تایبەت، لەژێر چاودێریی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی دوکان و کارئاسانییان بۆ بکرێت لە پێدانی زەوی و شوێنی گونجاو؛ بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕیی ناوەندە فێرکارییەکان، لەلایەکی تریش دەبێتە هۆی دامەزراندنی ژمارەیەک مامۆستا و لەڕوی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی سودی زیاتری هەیە.

٦- لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکە (٣٤٥٠٠)کەسە، بەڵام تائێستا هیچ ناوەندێک لەناوەندەکانی خوێندنی باڵای تێدا نییە، بۆیە پێویستە لایەنی پەیوەندیدار سود لە تواناکانی خوێندکارانی ئەم ناحیە وەربگرێت، بەکردنەوەی لقێک یان چەند لقێک لە پەیمانگای تەکنیکی یان بەشێک کەسەر بەزانکۆی سلێمانی بێت.

٧- خوێندنگای پیشەیی، لە گشت وڵاتانی پێشکەوتو، ڕۆڵی گرنگ لە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی خوێندکار و گەیشتن بەئامانجەکانی و کەمکردنەوەی بێکاریدا دەبینێت. لە ناحیەی پیرەمەگرون کارە پیشەییەکان لە پێشینەی کارەکانی ترن، بۆیە گەر خوێندنگەی لەم جۆرە بکرێتەوە بێگومان زۆرینەی گەنجان دەتوانن سودمەند بن و لە بێکاری ڕزگاریان دەبێت.

## سەرچاوەکان


امین، هاوری یاسین محمد، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی،٢٠١٣.

احمد،ئامانج جلال، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ توانستەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزارلە قەزای دوکان،٢٠١٥، نامەی ماستەر، بلاو نەکراوە، زانکۆی کۆیە.

حمە علی، هەردی عبدالرحمن، دابەشبونی خزمەتگوزاری فێرکاری لەشاری هەڵەبجە، ٢٠١٦، نامەی ماستەر، بلاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی.

شاسوار محمد محمود، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دانیشتوانی قەزای دوکان، ٢٠١٣، نامەی ماستەر، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، بڵاونەکراوە.

کریم، محمد مهدی، دابەشبونی نشینگە مرۆییەکانی ئیدارەی گەرمیان، ن٢٠١٦، نامەی ماستەر، زانکۆی گەرمیان ، کۆلێژی ئاداب، بڵاونەکراوە.

حسێن، عبدالرزاق عباس، جغرافیە المدن، مطبعە اسعد، بغداد، ١٩٩٧ز.

السماك ، محمد ازهر، واخرون، البحث الجغرافي المنهجية التخصصة و الاساليب الكمية وتقنيات المعلوماتية المعاصرة GIS، دار ابن الاثير للطباعة و النشر، الموصل، ط1، 2008.

أبو جاد الله ، دولاء عادل علی حسن، ٢٠٢١، توزیع السكان الأمیین وكثافتهم بمحافظة دمیاط في الفترة (1976-2017)، مجلة القراءة والمعرفة.

الزيادى، عسين علوى ناصر و عبدالرزاق، عبدالجليل عبدالوهاب، ٢٠١٤، تحليل المكانى لنمو سكان محافظه المثنى للمده (١٠٧٧-٢٠١٢)، مجله قورك للعلوم الانسانيه، مجله ١٩، عدد ١١.

عبد الخالق, حسين عبدالله محمد و حسين عبد الفتاح محمد, ٢٠٢١، أثر النمو السكاني على مساجد الدمام—تقويم جغرافي. مجلة كلية الآداب. جامعة بورسعيد، عدد ١٧.

العبيدي، جاسم، مثنى ناظم داود سلمان و سارة عبد الخالق، ٢٠٢٢، توزيع وكفاءة الخدمات التعليمية في حي الجامعة ببغداد لعام ٢٠٢١، مجلة العلوم التربوية والانسانية، عدد ١٤.

محدى، حلا صالح، تنظيم الخدمات التعليميه فى ظل المتغيرات الديموگرافيه لسكان طبقا للمعايره للطخطيطيه مفاهم وتجارب، ٢٠٢٢، مجله نسق، عدد ٢٢، جامعه بغداد.

الفتلاوى، علي تركي شاكر، التعليم الثانوي في محافظة كربالء المقدسة تشخيص ومعالجة، ٢٠١٩، مجلة كلية التربية االساسية، (عدد خاص ) وقائع المؤتمر العلمي التاسع عشر مجلة كلية التربية االساسية كلية التربية االساسية.

الربيعى، سعيد عبيد جودت، الخدمات الترفيهه السياحه فى مدينه بغداد، ١٩٩١، اطروحه دكتورا، كليه اداب، جامعه بغداد.

جيدى، منداو حمد عبدالله، التباين المكانى لكفاءه الخدمات المجتمعيه(التعليميه والصحيه والترفيهيه) وعلاقتها بتوزيع السكان فيمدينه كويه، اطروحه دكتورا، غير منشوره، كليه العلوم الاجتماعيه، جامعه كويه، ٢٠٢٣

**دام و دەزگا حکومییەکان**

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی ساڵی ٢٠٠٩ وە پێشبینی کردنی بۆ ساڵی ٢٠٢٣ز

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی پیرەمەگرون، ٢٠٢٣، بڵاونەکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی پیرەمەگرون، ٢٠٢٣، بڵاونەکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەریوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دوکان، بەشی پلاندانان، داتا و زانیاری لەسەر قۆناغی باخچەی منداڵان و مامۆستا بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤، بڵاونەکراوە.

جمهوريه العراق، وزاره الاعمال والاسكان والبديات والاشغال العامه، معاير الاسكان الحظرى والريفى فى العراق،٢٠١٨.

شحادة،نعمان، التحليل االحصائي يف اجلغرافية والعلوم االجتماعية، ط ،1 دار صفاء للنشر والتوزيع-عمان، االردن.

# پاشکۆ

خشتەی (١) پێوەری عێراقی بۆ هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاریی فێرکاری

| پێوەر | باخچەی منداڵان | خوێندنگای بنەڕەتی | خوێندنگای ناوەندی | خوێندنگای ئامادەیی |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی خوێندکار/ خوێندنگا | ١٨٠ | ٣٧٠ | ٣٢٤ | ٣١٦ |
| ژمارەی خوێندکار/ پۆل | ٣٠-٢٥ | ٣٠-٤٠ | ٣٠ | ٣٦-٣٠ |
| ژمارەی خوێندکار/ مامۆستا | ٢٠-١٦ | ١٩ | ٣٠ | ٣٠ |
| ڕووبەری خوێندنگا م٢ | ٢٧٠٠ | ٢٨٠٠ | ٣٠٠٠ | ٢٦٠٠ |
| ڕووبەری م٢ / خوێندکار | ١٦-١٥ | ٨-٦ | ٩ | ١٠.٩ |
| ژمارەی پۆل | ٤-٦ | ١٢-٦ | ٩-٦ | ٦ |
| ژمارەی دانیشتوان | ٢٤٠٠ | ٢٤٠٠ | ٩٦٠٠ | ٩٦٠٠ |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp35-49